# سەبارەت بە ئیعدامکردنی صەددام حسێن

**شەماڵ علی**

shemalali@yahoo.com

بە پێچەوانەی تەصریحاتە فۆرماڵ و بێناوەرۆکەکانی بۆش، ئیعدامکردنی صەدام هیچ خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی کۆمەڵگای عیراق پێکناهێنێت. ئەو حوکمە کە هیچ پەیوەندییەکی بە وەدیهێنانی عەدالەتەوە نەبوو تەنها بازنەی داخراوی خوێنڕشتن و کوشتاری نائینسانی لە عیراق فراوان دەکاتەوە. ئیعدامکردنی صەددام لاپەڕەیەکی تری خستە سەر مێژووی بە خوێن نوسراوی عیراق.

دەسەڵاتێک کە لە یەکەمین ڕۆژی جەژنی ئاینی بە ڕەسمی ناسراوی خۆیدا ئینسان دەکاتە قوربانیی، تەنها شایانی بێزهاتنەوە و مەحکوم کردنە. دەسەڵاتێکی لەم چەشنە نەک هەر ناتوانێت ئەمنیەت فەراهەم بکات و کۆتایی بەو کارەساتە بهێنێت کە عیراقی تیایدا دەژی بەڵکو بە ڕۆژی ڕووناک شەرعیەت بە هەموو ئەو شیوازە دڕندانانە دەدات کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکان لەم وڵاتە گیراوەتە بەر.

کۆتایی هێنان بە ژیانی سیاسی و لەکارخستنی یەکجاری سەرکردەی ڕژیمێک کە 35 ساڵ بە ئاگر و ئاسن کۆمەڵگای عیراقی ئیدارە دەکرد، جێگای خۆشحاڵی هەموو خاوەن ویژدانێکە. کارێکی لەم چەشنە مەرجی کردنەوەی دەرگا بە ڕووی ئایندەیەکی ڕووناک بە ڕووی عیراقدا بوو و دەیتوانی سەرەتای کۆتایی هاتنی فاشیزمی دەسەڵاتدار و فەراهەمکردنی زەمینەی پیکهاتنی دەسەڵاتێکی دیموکرات و ئازاد بێت. بەڵام دەرکردنی حوکمی ئیعدامی صەدام و لەوەش خراپتر جێبەجێکردنی بەم تەوقیت و چۆنایەتیەوە گیانسەختیەکی زیاتر و گەورەتر بە فاشیزم و فەرهەنگی بێ نرخ کردنی ئینسان لەم کۆمەڵگایە دەبەخشێت.

عیراقی پاش ئیعدامکردنی صەددام، عیراقێکی خەتەرناک و پڕ مەترسیە، بەعس و صەدام نوێنەری ژێرچەپۆکە کردنی خەڵک و هەڵاواردنی قەومی بوون، ئەم کردەوەیە درێژەدانی ئەو سروشتەی دەسەڵاتی پێشووە، صەددام ڕەمزی دەستنەپاراستن لە هەر تاوانێک و دەستبردن بۆ دڕندانە ترین شیوازی تۆڵە سەندنەوە و ئەوپەڕی دڵرەقی لە سەرکوتکردنی نەیاران بوو، ڕەوەندی مەحکەمە کردنی صەددام و جێبەجێکردنی حوکمی کوشتنی نەکەوتە دەرەوەی ئەم بازنەیە. ڕژێمی بەعس بە دەستبردن بۆ هەڵاواردنی مەزهەبی تۆمەتبار دەکرا، کوشتنی صەددام لە یەکەمین ڕۆژی جەژنی سوننە مەزهەبەکاندا بریندارکردنێکی دەستی ئەنقەستی سۆزی ئاینی ئەوانە و قووڵکردنەوەی برینی مەزهەبی و تائیفییە لە عیراقدا.

حوکمی ئیعدام خۆی لە خۆیدا قەتلێکی دەستی ئەنقەست و نەخشە بۆ کێشراوی دەوڵەتە، شیوازێکە بۆ تۆقاندن و ترس باراندن بەسەر خەڵکدا، بەڵام کاتێک دەسەڵات خۆی قانوونیەتی لەژێر پرسیاردایە، کاتێک پرۆسەی دادگایی لە لایەن هیچ لایەنێکی بێلایەنەوە بە قانوونی و بێلایەن بە حیساب نایەت، کاتێک دەسەڵات خۆی تۆمەتبارە بە دەستبردن بۆ بێسەروشوێنکردن و بێکەسکوژکردنی ئینسانەکان لەسەر بنەمای ناسنامەی مەزهەبی و ئەوانەی حوکمی ئیعدام جێبەجێ دەکەن هەمان ئەوانەن کە لە کوچە و کۆڵانەکانی بەغدادا خەڵک بە "تاوانی عمر ناویی" دەفرێنن و سەریان دەبڕن. ئیعدامی هەر کەس و لەوانەش صەددام حسین بە دەستی دەسەڵاتێکی وا ئەو تاوانە دەستی ئەنقەستەی دەوڵەت نییە کە بەم ناونیشانەش مەحکومە، بەڵکو تاوانێ باندیکی تاوانکارە لە بەرامبەر باندێکی تردا. ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی

و بێ پەردەی کوشتاری مەزهەبیە کە بۆ زیاتر ئاشکرا بوونی هاودەم لەگەڵ هوتافاتی (موقتەدا موقتەدا) ئەنجام دەدرێت.

وەک دەڵێن قەرارە جێبەجێکردنی حوکمی ئیعدامی صەددام، کە بە تەوجیهی ڕاستەوخۆی بۆش ئەنجامدراوە، بەشێک بێت لە ستراتیجێکی نوێ کە بۆش بڕیار وایە لە عیراق بیگرێتە بەر. کەس نازانێت چ جۆرە ستراتیجێکی نوێ بۆ ئایندەی عیراق لە زەینی جۆرج بۆش و داروودەستەکەیدا ئامادە کراوە. جۆرج بۆشیش هەر بە هەمان شێوەی صەددام حسێن سەختە بە بەکارهێنانی لۆجیک کردەوە و کاردانەوەکانی پێشبینی بکرێت. بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئەم ستراتیجە لە یەکەمین هەنگاوەکانی خۆیدا زەمینەی بۆ زیندووهێشتنەوەی بەعسیزم و صەددامیزمیش فەراهەم کردووە.

دەمێکە دەوترێت ئەمریکا ڕژێمی صەددامی بێ صەددام حسێن دەوێت. کوشتنی صەددام هەنگاوێکە بۆ سازدانەوەی ئەم ڕژێمە لەعیراقدا. کوشتنی صەددام بۆ کۆتایی هێنان بە صەددامیزم نییە بەڵکو بۆ هێنانەوە سەرکاری ڕژێمێکی هاوشێوەی ڕژێمی بەعسە. هێشتا زووە بۆ ئەوەی پێشبینی ووردی ئایندەی عیراق بکرێت. بەڵام لە غیابی هێزێکی ئامادە و بە توانا بۆ پاشەکشە پێکردن بە میلیشیا و داروودەستە ئیسلامییە مافیاییەکان، عیراق بە ڕێگای تا ئیستایدا بەرەو هەڵدێر، لە سایەی سیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکا، لە دوو ڕیانێکدایە. یان جەنگی هەڵگیرساوی مەزهەبی ناوخۆ قووڵتر و فراوانتر و تەنانەت ئیقلیمیش دەبێتەوە، یاخود دەسەڵاتێکی دڕندەی بەعس ئاسا دێتەوە سەرکار کە بە ئاگر و ئاسن عیراق بەڕێوە بەرێت. کوشتنی صەددام ئەم ڕەوەندە خێراتر دەکات.

تەنها ڕێگا لەبەردەم جەماوەری عیراقدا بۆ دەربازبوون لەم بازنەی جەنگ و وێرانکارییە کۆبوونەوە لە دەوری بەدیلێکی چەپ و ئازادیخوازە کە هاوکات بۆ وەدەرنانی ئەمریکا، کۆتایی هێنان بە جەنگی ناوخۆ، بەرپەرچدانەوە و پاشەکشە کردن بە ئیسلامی سیاسی و سازدانەوەی مەدەنیەت خەبات دەکات. نوێنەری ئەم ئەلتەرناتیڤە ئەمرۆ لە عیراق کۆنگرەی ئازادی عیراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقە.

خەڵکی کوردستانیش بۆ خۆ دەرباز کردن لە بار و ئەنجامە کارەساتبارەکانی ئەو دوو ڕیانە خەتەرناکە دەبێت لە پێناوی خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕیزەکانی خۆیان یەکگرتوو ڕێکخراو بکەن. موراهەنە کردنی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان لەسەر باروئەنجامەکانی سیاسەتی ئەمریکا خەڵکی کوردستان یان دەکاتە قوربانی سازدانەوەی ڕژیمیکی سەرکوتگەری تر، یان لە جەنگی ناوخۆی عیراقیانەوە دەئاڵێنێ. نابێت ئەم ئایندەیە قبووڵ بکرێت، دەبێت لە هینانە مەیدانی هیز و بەرزکردنەوەی خواستی ریفراندۆم و کاری هەمەلایەنە بۆ بەدیهێنانی ئەم خواستە پەلە بکرێت کاتێکی زۆر بە دەستەوە نەماوە.

31–12–2006